# بۆ ئەوەی مەلامستەفا بناسین دەبێ لەپارتی جیایی بکەینەوە

وەڵامێك بۆ هەموو ئەو پارتیانەی لە سەر مەلا مستەفا دەنووسن و هەگیز ناتوانن بیناسن

( زۆرجار فرێدانی پیاوە گێلەکان زۆر پێویسترە لەفرێدانی زبڵ ) ( 1 )

**نەبەزگۆران**



پێویستە هەموومان هەوڵبدەین چیتر مەلامستەفا نەبەستڕێتەوە بەحزبێکەوە کە ئەو حیزبە پڕە لە ناشیرینی, لەو شوێنەی توانیمان مەلامستەفا بخەینە ناو قەفەزی پارتی بوونەوە لەوشوێنەدا بێحورمەتیمان بە پاکی ئەو پیاوە کردوە, زۆر ڕوونە پارتیش لەم ڕۆژەدا بۆیە خۆی دەبەستێتەوە بە مەلامستەفاوە بۆئەوەی هیچ نەبێت کەمێك لەناشیرینیەکانی خۆی لەپشت گەورەی ئەم پیاوەوە بشارێتەوە, وەرن با مەلامستەفا بخەینەوە شوێنە ئەسڵیەکەی خۆی کە کورد بوونە تا عەیب وعارەکانی پارتی بە تەواوەتی دەکەونە دەرەوە, ئابەم چەند دێڕەی سەرەوە دێمە سەر ئەوەی بڵێم ئینسان هەندێ جار ناچار دەبێت بنووسێ, یان باشترە بڵێم کاتێك دەبینی شوێنێکی مەزن یان پیاوێکی مەزن دەبێتە بابەتێك و تەنانەت مەخلوقە گێلەکانیش لێی دەدوێن، ناتوانی خۆت ڕابگری و بە بێدەنگی سەیری ئەو هەموو بەناو نووسینە کلۆڵانە بکەی جگەلە حیکایەتێکی سواو هیچ شتێکت پێناڵێن سەبارەت بەم پیاوە.

هەست دەکەی ئەو نووسینە لاوازانە چەند عەزیەتی ئەو پیاوە دەدەن سەد هێندە ئازاری ویژدانی ئەو کەسانە دەدەن شەونخونیان کردوە بۆناساندنی شۆڕشگێڕان, شتێك زۆر ناچاری کردم چەند قسەیەك لەسەر ئەو پیاوە مەزنەی کورد( مەلامستەفا) بکەم, لێشاوی ئەو نووسینە لاوازانەیە لەناو ڕۆژنامە حیزبیەکانی پارتییەوە لەسەر کەسایەتی ئەو پیاوە بلاَو دەکرێنەوە, دڵنیام تاکو ئێستە کەسیان پەی بەخوێندنەوەی ئەو کەسایەتییە نەبردوەو ئەوەی من دەیبینم تەنها ئەوەیە لەمرۆدا مەلامستەفا بوەتە گردێك و هەموو کەسێکیش دەیەوێت بچێتە سەر ئەوگردە بۆئەوەی دەرکەوێت تەنانەت نووسەرو کادیرە گێلەکانی حزبیش.

کێشەیەك کەبەردەوام ڕووبەڕووی ئێمەدەبێتەوە بۆ نووسین لەسەر مەلامستەفا ( واتە ئەوانەی کەهەرگیز پارتیان بەو هەموو ناشیرینیەوە قبوڵ نییە) ئەوەیە کاتێك بتەوێت خوێندنەوەیەك بۆمەلامستەفا بکەیت ڕاست مۆرکی پارتی بوونت دەخرێتە سەر, ئەمەش ئیشکالێکە پێویستە بەرلەوەی باس لەمەلامستەفا بکەی دەبێت بەدەنگێکی بەرز هاوارکەی من ( پارتیم) قبوڵ نییە, تارێگەیەك بۆخۆت خۆشکەی باسی کوردێکی بەهێزبکەین کەئەمرۆ حزبێك بۆخاتری مانەوەی خۆی دیلی کردوەو خزانوویەتە ناو پرۆگرامێکی ئیفلیجی خۆیەوە بێئەوەی یەك زەرە بتوانێ بیرلەکورد بوونی ئەم پیاوە بکاتەوە، هەروەها یەکێك لەم غەدرە گەورانەی پارتی دەرهەق بەمەلامستەفا

کردوویەتی بەحزبی بوونی بوو پاش مەرگی, هەڵبەتە لەکاتی بوونی خۆیدا پارتی ئەم کارەی پێنەدەکرا, تەنها لەبەر ئەوەش نەیتوانی لەکاتی بوونیدا بیخزێنێتە ناو پارتییەوە، چونکە مەلامستەفا بووبوویە هەیبەتێك بۆپارتی نەك پارتی هەیبەتێك بێت بۆمەلامستەفا, وەخەونی مەلامستەفا زۆر مەزنترو گەورەتربوون لەخەونەکانی پارتی, کەچی پاش کۆچی, پارتی بۆئەوەی خۆی ببەستێتەوە بەپایەیەکی بەهێزەوەو مێژوویەك بۆخۆی بەجێ بهێڵێت باشترین دەسکەوتێك لەبەر دەمیدابوو ئەوەبوو خۆی بخاتە ژێر سێبەری ناوە بەجێماوەکەی مەلامستەفاوە, بەس سێبەری ناوەکەی بەس بوو بۆئەوەی حزبێك جارێکی تر خۆی بژێینێتەوە لەناو کوردا.

ئەم جۆرەبیرکردنەوەی پارتی کاریگەریەکی کوشندەی کردە سەر ئەسڵی بوونی ئەم پیاوە, ئێمە ناتوانین لەهەموو شوێنێکدا کوردێکی ئەسڵ بدۆزینەوە, حزبێکی وەك پارتیش تائەم حاڵەتەش لەقەیرانێکی ئەسڵ بووندا دەژیت، بۆیە بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆسێبەری ناوەکەی مەلامستەفا تا جارێکی تر بە کەسیەتی کورد بڵێت من لەسەر ئەم پایە بەهێزەوە هاتوم, لەکاتێکدا وانییە, چونکە ئەوەی مەلامستەفا هەنگاوی بۆدەنا بە پارتی کردنی کۆمەڵگەی کوردی نەبوو, بەزیندوو کردنەوی منی کوردی بوو لەناو جەستەلاوازەکانی کوردا, ئەم کاریگەریەش گەشتە ئەو ئاستەی تەنانەت ئەوانەی دەتوانن قسەگەلێك لەسەر ئەسڵی کورد بوون بکەن لەترسی بەپارتی کردنیان نەوێرن دەست بۆمەلامستەفا ببەن.

دەکرا پارتی لەدەرەوەی مەلامستەفا کاری خۆی بکردایە و دەستی نەبردایە بۆجوامێری ئەو, بۆئەوەی عەزیەتی نەدەن و لەباوەشی خەڵکی کورد دەری نەهێنەوە بیخەنە باوەشی حزبەکەی خۆیانەوە, بۆیە وەختێك بتەوێت شتێك لەبارەی مەلامستەفاوە بڵێیت دەبێ لەپارتی جیایی بکەیتەوە تابتوانی وەکو خۆی ببینی, نەك وەك کارەکتەرێکی حزبی, بەگوناهێکی گەورەشی دەزانم مەلامستەفا بکەمە کادیری حزبی یان ئەندامی حزبی, ئەگەر مەلامستەفا هەمووشتێك بووبێت ئەمە نەبوو کەپارتی بەخەڵکی دەناسێنێت.

وەك دەروازەیەك بۆچوونە ناو بابەتەکەم لەیەك حاڵەتی ( قازی محەمەدە)وە دەست پێدەکەم, ئەویش کاتی لەسێدارەدانی قازییە, دیارە ئەم حاڵەتی لەسێدارەدانەی قازی لای کورد تاکو ئێستەش وەك حاڵەتێکی مێژوویی غەمبار تەماشاکراوەو جگە لە کۆستێك بۆکورد هیچ خوێندنەوەیەکی جدی بۆ نەکراوە, هەرکاتێکیش باس لەسێدارەدانی قازی بکرێت بەبێ هیچ دوو دڵیەك لای کورد تەنها غەدرێك پێشچاو دەخرێت, ئەمەش بەهۆی خراپ خوێندنەوەی ئەو حاڵەتەو بەمێژوویی کردنی لەسێدارەدانی قازی تووشی بینینێکی کۆنکرێتی دەبین کەهەرگیز بێ شکاندنی ئەو کۆنکرێتە ناتوانین پەی بەو حاڵەتە غەریبە ببەین کە تووشی قازی و هاوڕێکەی مەلامستەفا دەبێت.

کاتێك ئێمە بەتەواوەتی بمانەوێت بزانین ئەو حاڵەتە چ جۆرە خوێندنەوەی ترمان دەداتێ جیاواز لەوانی تر ناچار دەبێت کورد بکەین بەدوو بەشەوە:

بەشی یەکەم: خودی کوردی, بەمانایەکی تر جەستەی کوردی.

بەشی دوەم: منی کوردی, واتە ئیرادەی کوردی, یان ڕۆحی کوردی

چرکەی لەسێدارەدانی قازی چرکەی لە سێدارەدانی جەستەی کوردییە, بۆ؟ کاتێك قازی دەیەوێت لەپەتی سێدارە خۆی ببینێت و هەوڵێکە بۆ کوشتنی جەستەی کوردی و زیندوو کردنەوەی ئەو منە کوردییە کە زۆرجار بەمت بووی لەناو کوردا دەژیت, خودی کوردیش ئەو خودەیە لەڕێگەی زمانییەوە لە هەرشوێنێك بێت خۆی دەردەخات, واتە خودێکە لە ڕووی جەستەییەوە کوردە وخودێکی دەرکەوتەشە, ناتوانین باوەڕی تەواویشی پێبکەین کەبەڕاستی کوردبێت, چونکە تا منە کوردیەکەی تێدا زیندوو نەبێت چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت خۆی بدات بەدەستی ئەوانی تری دەرەوەی کوردەوە, هەرئەم جەستە کوردیەشە کە زۆرجار دەکرێت بە کوردی بیٚ ئەسڵ ٚو فەسڵ تەماشای بکەین, خۆی تەسلیم بەئیرادەکانی تردەکات و دەبێتە کارەکتەری شوێنێکی تر بۆدژی منە کوردیە ئەسڵەکە و ئەو خودە کوردیەش هەرگیز جێگەی مەترسی نەبوە بۆبێگانەکان, بەڵکو ئەوەی شوێنی مەترسییە بۆبیگانەکان ئەو منە کوردیەیە کە خۆی لەپەنای جەستەی کوردی یان خودی کوردی پەنهان داوە.

قازی کەخاوەنی منە کوردە ئەسڵیەکە بوو شعوری بەلاوازی ئەو خودە کوردییە کردبوو و دەیشی زانی کورد لەزۆربەی شوێنەکان بەس چاوی دەبینێت بۆیە هەڵسا بەلەسێدارەدانی ئەو جەستەیە تا جارێکی تر منی کوردی زیندوو بکاتەوە, قازی بە لەسێدارەدانی خۆی بڕیاری کوشتنی خودی کوردی دەدات, بڕیاری مردنی ئەو زۆڵیەتیە دەدات لەکوردا، کە زۆرجار دەردەکەوێت, لەو زەمەنەدا بەلەسێدارەدانی قازی خودی کوردی کۆتایی دێت, دیارە قازی ئەم کارەش تەنها بۆ حیکایەتە پیرەکانی مێژووناکات وەك ئەوەی ئەمڕۆ مندالأنی حزب بیٚ هیچ تێگەیشتنێك لەسێدارەدانەکەی قازی بەرەو حیکایەت بوون دەبەن.

بەڵکو لای ئەو دووجۆر خۆشبەختی هەیە.

یەکەم: بەلەسێدارەدانی خۆی و خودی کوردی ئەو منە مت بووە زیندوو دەکاتەوە کەئەسڵی کوردە.

دووەم: کاتێکیش ئالأی کوردستان دەداتە دەست مەلامستەفا دڵنیایە لەوەی لەناو ئیرادەی ئەو پیاوەدا منی کوردی تووشی مت بوون نەبووە, بەڵکو بەردەوام ئیرادەی مەلامستەفا وەك منێکی کوردی لەچالاکی و جووڵەدایە, کاتێکیش مەلامستەفا لە باشووری کوردستانەوە بەرەو کوردستانی ڕۆژهەلأت سەفەردەکات و خۆی دەگەیێنێتە مهابات, تاقەجەستەیەك نییە لەم دیووەوە سەفەری کردبێت بۆئەو دیوو, یان تەنها هێزێك نییە بۆپاراستنی کۆماری مهابات, چوونی مەلامستەفا بۆلای قازی هاودەردی ئارگۆمێنتێکە بۆبەردەوامی دانی ئەو منە کوردییە و بەخشینەوەی بەسەر ئیرادەی ئەوانی تردا, لەکاتێکدا لەهەمان زەمەندا دەیتوانی وەك هێزێك لەسنووری پارچەکەی خۆی خەبات بکات و مانەوەی خۆی مسەوگەر بکات لەناو شاخەکاندا, وەڵ ئیرادەی مەلامستەفاو

خەونەكانی هێندە بچووك نەبوون بیانخاتە ناو چوارچێوەیەكی دیاری كراوی سنووریكەوە, هەستی بە بەرپرسیاریەك دەكرد لەوە گەورەتربوو بە زیندوو كردنەوەی شوێنێك كوڵ بدات, ئەم پیاوە چەند كاری كرد بۆ زیندوو بوونەوەی شوناسی كورد سەد هێندە هەوڵی كاڵ نەبوونەوەی منی كوردی دا, هەرئەم هەوڵانەشی بوو وای لێكرد ببێتە خەتەر لەبەردەم هێزەكانی دەوروبەری و هەوڵی لەناو بردنی بدەن.

كاتێكیش قازی پەتی سێدارەی بۆخۆی دەست نیشان كرد دڵنیابوو لەوەی ئیدی كورد بەمەرگی ئەم تووشی ئازارێكی ڕۆحی دەبێت و ئیرادەی بیمار دەبێت و ئەم مەرگە دەبێتە هۆی هەڵسانەوەی كورد بەجۆرێكی بەهێزترو چالاكتر بەجەستەو ئیرادەوە, ئەم مەرگەی قازی دواجار بوویە زەنگێك بۆئاگا هاتنەوەی منی ئەسڵی كوردی, ئەو زەنگی مردنەی قازی هێندە دەنگەكەی سەختە مەلامستەفاو هاوڕێكانی كەئەمانەتی قازیان پێیە( واتە ئاڵای كوردستان و بیماری ئیرادە)ناچار دەبن جەستەی نیشتیمان بەجێ بهێڵن و دوور لەنیشتمان بگەڕێنەوە ناو خۆیان و ئەو منەكوردییە بیمارەی دوای قازی چالاك بكەنەوە تاكو جارێكی تر وەكو جەستە نەیەنەوە ناونیشتمان, بەڵكو وەك ئیرادە بێنەوە.

وەزیفەی سەرەكی ئەم كارەش لەلایەن خودی مەلامستەفاوە دەكرێت, چونكە مەلامستەفا گەریدەیەكە بەشوێن كوردبوونا دەگەڕێ, یەكێك لەجوانییەكانیشی ئەوەیە هەرگیز نەیویستوە ببێتە پاڵەوان, وەڵێ هەمیشە دەیەویست ئەسڵی خۆی دەرخات كەكوردبوونە هەربۆیە پاڵەوان بوونیشی لێرەوە دەست پێدەكات.

دیارە من زۆرم پێ``سەیرە نووسەرە حیزبییەكان بەردەوام دەیانەوێت ئەم پیاوە بخەنە ناو تەپوتۆزی مێژووەوەو بێئاگایانە دەیانەوێت بیخنكێنن, ئەم تێگەیشتنەشیان لەلاوازی بیركردنەوەیانەوە دێت چونكە نازانن خوێندنەوە بۆئیرادەو ئەسڵی كوردبوون بكەن لەناو مەلامستەفادا بۆیە وەك هەموو كوردە نەخوێندەوارەكانی تر تەنها جەستەی مەلامستەفا دەبینن و دەیخەنە ناو كۆمەڵێك حیكایەتەوە كە حیكایەتی مەلامستەفانین, دەبێت لێرەدا بڵێم ( لەكاتێكی تردا قسەلەسەر ئەوەدەكەم مەلامستەفا بۆچی حزب دادەنێ و دەركەوتەی مۆدێرنەتە لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی بۆكوردو گواستنەوەی ئەو دەركەوتەیە چۆن دەبنە هەلێك لەبەر دەم ئەم گەریدەیەداو دوای بەرهەم هێنانی حزب چۆن لەسەر دوو تەوەرە كار دەكات, تەوەرەی كورد بوون و تەوەرەی بەجیهانی بوونی كورد لەڕێگەی حزبەوە, ئەمە ئیشی ئەم وتارە نییە بۆكاتێكی تر).

هەڵبەت باوەڕم وایە حزب هەر لەكاتی دروست بوونیەوە دەبێتە نەیارێكی سەختی مەلامستەفاو لێك ترازانێك ڕووئەدا لەنێوان پیاوانی مەكتەبی سیاسی پارتی و خودی مەلامستەفادا, بۆ؟ تەنها خاڵێك كەدەبێتە ناكۆكی مەلا مستەفاو پیاوەكانی حزب یەك خاڵی گرنگە كە قسەی لەسەر نەكراوە, ئەویش ئەوەیە كاتێك حزب دەردەكەوێت حزب كۆمەڵێ پیاو لەدەوری مەكتەبی سیاسی خۆی كۆدەكاتەوە كە خەونی گەورەی ئەم پیاوانە گرتنە دەستی دەسەڵاتە, بەڵام خەونی مەلامستەفا خۆدەرباز كردنە

لەگرتنە دەستی دەسەلاَت و دەیەوێت تەنها حزب بکاتە وەسیلەیەکی ئەو سەردەمە کەبەشێك بوە لەمەدەنیەت بۆ کڕینەوەی شوناسی کوردی و زیندو کردنەوەی ئیرادەی کورد, ئەم دوو خەونە جیاوازە لێك ترازانێك درووست دەکات و کۆتایەکەی دەبێتە هۆی جیابوونەوەی ئەو کەسە حزبیانەی ئارەزووی دەسەلاَت دەکەن, بەم پێیە دەتوانین بەکەسایەتی مەلامستەفا بڵێین تاقە شۆڕشگێڕی کوردە هەموو ژیانی لەناو ئازاردا بردوەتەسەر.

ئەم تەحەمولەی مەلامستەفا زۆر لەوەبەهێزترە پیاوانی حزب بتوانن قورسایەکەی هەڵگرن, بۆخۆ ڕزگار کردن لەو جۆرە بەرپرسیاریەتەش کەوتبویە سەر شانیان ناکۆکی دروست دەکەن, بۆیە دوای ناکۆکیەکەش کاتێك بەشێك لەپیاوانی ناو حزب زانیان ئیدی حزب کۆتای نایەت و ئەوە مەلامستەفایە ئازارەکان لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت نەك ئەندامانی حزب هەڵسان لەژێر سێبەری ئەم پیاوەدا جارێکی تر بەشێوەیەکی تر کۆبوونەوە تا هەڵکردنی مەرگی مەلامستەفا, دوای مەرگی مەلامستەفاش تاقە پایەیەك کەحزب مانەوەی خۆی پێدەبەستەوە تەنها ناوی ئەم پیاوەبوو.

دروست با لێرەدا کەمێك سەرزەنشتی یەکێتی بکەم چونکە حزبێك بوو نەیتوانی لەڕێگەی گوتارەکانییەوە مەلامستەفا بگەڕێنێتەوە بۆکوردو لەپارتی دووری خاتەوە, بەڵکو هەڵەیەکی گەورەی کرد کە بویە هۆی پشتگیری کردنی گوتارە کانی پارتی و بێئاگایانە بەشێکی زۆری خەونەکانی پارتی هێنایە دی کە پێکەوە مەلامستەفایان کردە موڵکی یەك حزب, دەبوایە یەکێتی هەرگیز ئەمەی نەکردایەو نەیهێشتایە هەم ئازار بەخودی کەسایەتی مەلامستەفابکەوێت کە کەسێکی کورد بوو نەك حزبی و هەمیش خەونەکەی پارتی نەهاتایەتە دی.

بەحزبی کردنی شۆڕشگێڕێك کە ئازاری میلەتەکەی هەڵگرتبوو ئەوپەڕی گەمەکردنە لەتەك ئەسڵ بوونی خۆماندا, بەمێژووی کردنی مەلامستەفا هەوڵێکە بۆ کوشتنی کەسایەتی کورد, کاتێك دەڵێم مێژوو دەبێت خوێنەر ئەوەی لەبیر نەچێت لەم وتارەدا مێژوو بەمانای حیکایەت دەخەمەڕوو, نەك وەك ئەو مێژووەی فەلسەفەمان پێدەناسێنێت.

بۆیە مەلامستەفاش هەم لەناو مێژوو هەم لەناو پارتی دەیهێنمە دەرەوە بۆئەوەی بتوانین تەنها خوێندەنەوە بۆخۆی بکەین دوورلەقەفەزە دروستکراوەکان بۆی تا بەڕاستی خۆی بناسین, چونکە لەناو مێژوو گەورەترین شتی ئەم پیاوە ونکراوە ئەویش ئیرادەیەتی, دەرهێنانیشی لەناو مێژوو حزبێکدا دەرهێنانیەتی لەناو ئەو هەموو غەدرەی لێی دەکرێت, گوتاری حزبی ناتوانێت کەسایەتی کەسمان پێبناسێنێت, بە پێچەوانەکەیەوە بەهۆی هەڵەخوێندنەوەی و خراپ هەنگاونانی بۆناساندنی کەسایەتی وێنەیەکی ناشیرینی دەداتێ و لەو ئاستەی کەخۆی هەیەتی دەیهێنێتە ئاستێکی نزمەوەو ئیرادەش تێك دەشکێنێ.

ئیرادە لەناو تاکە کەسدایە نەك لەناو مێژووی حزبێکدا, ئیرادەی مەلامستەفاش پەیوەندی بە ئەسڵی بوونی خۆیەوەهەیە نەخوازەلا ئیرادەیەك بێت حزب بەدیاری بۆی هێنابێت و پێی بەخشیبێت و

دەتوانین بڵێین مردنی مەلامستەفا مردنی بەشێکی زۆری ئیرادەی شۆڕشی کوردە, ئەوەی پاش مەلامستەفا حزب درێژەی پێدەدات بەشێکی زۆری گەڕانە بەشوێن بەدەست هێنانی دەسەڵاتدا, هەروەها خەونی شۆڕشی کورد پاش مەرگی مەلامستەفا هێندە لاواز دەبێت لەسەر بەدەست هێنانی زیاترین دەسەڵات لەگۆڕەپانەکەدا شەڕی یەکتری دەکەن تا دەگاتە ئاستی شەڕی خێزانیش.
ئەو ئیرادە بەهێزەی لەناو مەلامستەفادا هەیە, کرانەوەی هێندە بەرفراوان دەبێت مەوداکەی دوژمانی شوناسی کورد تووشی بەترس بوون دەکاو ناچاریان دەکات داواکانی قبوڵ بکەن, ئەم داواکردنانەش لەو زەمەنەدا تەنهابۆئەوەیە مەترسی ئیرادەی کورد نەگاتە لوتکەو ئەو منە کوردیە کە بەهۆی مەلامستەفاوە لەناو شۆڕشدا گەیشتە تروٚپك, بەقبوڵ کردنی داوکانی جارێکی تر ئەو ئیرادەیە تووشی مت بوون بکەنەوەو هەوڵی کاڵ بونەوەی بدەن تابگاتە ئاستی مردن.
بەیاننامەی ( 11 )ی ئاداریش دان پیانانێکە بەبوونی ئیرادەی کورد, سەیردەکەی دوای مەلامستەفا هەرگیز دەسەڵاتی عێراق ئامادە نییە جارێکی تر دیکۆمێنتێکی تری چەشنی ( 11 ) ی ئادار مۆربکا, چونکە دڵنیایە هاتنی حزبی کوردی و لێك ترازانی ئەو حزبانە دوای مەلامستەفا جارێکی تر کۆکردنەوەیان کارێکی زەحمەت و درێژ خایەنەو ناتوانن بەو ئاسانییە ئەو ئیرادەیە ڕێك بخەنەوە وەك ئەوەی سەردەمی مەلامستەفا ڕێکی خستبوو.
بۆزیاتر سادەکردنەوەی چەمکی ئیرادە لای مەلامستەفا نموونەیەك دەهێنمەوە, (( محەمەد مەلاقادر)) کە ئێستە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتییە لەوشوێنێکدا دەڵێت ((لەهەر شەڕێکدا بیانووتایە مەلامستەفا هات سەردەکەوتین)) دیارە ئەم قسەیە بەدیوێکیدا زۆر سادەیە و دڵنیام محەمەدی مەلاقادر گەرچی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیە لەسیحری ئەو هاتنەی مەلامستەفا تێناگات و ناشزانێت بۆچی بەهاتنی ئەو پیاوە شەڕەکانیان دەبردەوە, هەڵبەت مەلامستەفا کەچووە بۆشەڕێك نە لەشکرێکی هێندە گەورەی پێبوە تاکۆنترۆڵی شوێنەکانی پێبکات و نە تۆپو زرێپۆشیشی لەگەڵ بوە تا پێشمەرگەکان دڵخۆش بکات, مەلامستەفا تەنها یەك شتی پێبووە ئەویش ئیرادەیە, ئیرادەیەك کەتوانیویەتی دابەشیکات بەسەر ئیرادەی ئەوانی تری پێشمەرگەدا, پیاوێك بووە تەنانەت جەسارەتی ئەوەشی تێدابوو بتوانێ ئیرادە لەشوێنێکەوە بگوازێتەوە بۆشوێنێکی تر.
ئیرادەیەك توانای گواستنەوەی هەبووە لەمەلامستەفاوە بۆ پێشمەرگەیەکی شەڕکەر و هەرئەم گواستنەوی ئیرادەیە دەبێتە هۆی جسور بوونی ئەو پێشمەرگەیەی ناوسەنگەرو دەتوانێ شەڕەکە بەرو ئاراستەی بردنەوەببات, گەر سەیری ئێستەش بکەین, نەك لەشەڕێکی گەورەدا بەڵکو لەشەڕە گەڕەکێکیشدا هەزراجار بڵێن( محەمەدی مەلاقادرو فازڵ میرانی وئازاد بەرواری هاتن) نەك هەرکەس نایباتەوە بەڵکو ئاراستەی شەڕە گەڕەکەکەش ناگۆڕێت, چونکە ئەمانە نەیان توانیوە ئەو ئیرادەیە بەرهەم بهێنن و تەنها کۆمەڵێك ناون لەناو جەستەداو دێن و تێدەپەڕن, ئەمەیە جیاوازی کەسایەتی مەلامستەفاو ئەم مەخلوقانەی ئێستە.

وتمان دەرکەوتنی مەلامستەفا لەجەنگێکدا ئاشنامان دەکات بەسەرکەوتن لای پێشمەرگەکان, واتە ئیرادەیەك لە شۆڕشگێڕێکەوە دێت لەئیرادەی پێشمەرگەکە بەهێزترە بۆیە توانیویەتی تەحەکوم بە جولانەوەی هێزی ئەو پێشمەرگەیەوە بکات لەناو جەنگەکاندایە, بەداخەوە  ئەم حاڵەتە بۆئێستە کارێکی زەحمەت و چاوەڕوان نەکراوە، چونکە حزبی کوردی نەك خودی کەسایەتی کوردی پارچەپارچە کرد، بەڵکو بۆیە هۆی کوشتنیشی.

هەرئەمەشە وامان لێدەکات بڵێین بەستنەوەی کەسایەتیکی پڕ ئیرادەی وەك مەلامستەفا بەحزبێکەوە کە لەحاڵەتی کەم ئیرادەیدا دەژی گوناهێکی گەورەیە, ئێمە دەتوانین بەجۆرێك قسە لەو پیاوەبکەین کە موڵکی کوردە, نەك بەباگراوندێکی حزبیەوە کاڵی بکینەوە و ناچاری کەین گوناهی دەرهەق بکەین, ڕەنگە گەر حیزبی دیموکراتی ئێرانیش هەمان هەڵویستی هەبێت بەرامبەر بەقازی وەك ئەوەی پارتی هەیەتی بۆ مەلامستەفا,  دەبێتە هۆی  تیر باران کردنی ئەسڵی کورد, دەبێت خوێنەر ئەوەی لەبیر نەچێت من لێرەدا تەنها بەدیوە سیاسییەکەیدا باسم لە خودی کوردی و ئیرادە کردوە کە پێم وایە لای قازی و مەلامستەفا دەردەکەوێت ئەگەر ناچاربین دیووە ئەدەبیەکەش قسەی لەسەر بکەین دەبێت بگەڕێینەوە لای مەحوی و بەختیار عەلی.

کاتێکیش جوانە ئینسان خوێندنەوە بۆ ئەو پیاوە مەزنانە بکات بەجدی شتێك لەبارەی کورد بوونەوە بزانێت و بتوانێت کەمێك ڕوونتر لە ئیرادە بگات لەناو کوردبوونا, لەبەر ئەوەی بەبیٚ ناسینی کورد وەك خۆی زەحمەتە پەی بەخوێندنەوەی قازی محەمەدو مەلامستەفا ببەین, کەئەمانە دوو پیاون یەکێکیان لەپێناو مانەوەی کوردا مەرگ دیاری دەکات بۆخۆی و ئەویتریان دەبێتە گەریدەیەکی بریندار بۆ دۆزینەوەی شوناسی کورد.

لەقاڵب دانیشیان بۆناو چەند سەرگوزەشتەیەکی مێژووی خزمەت کردنە بە کاڵ کردنەوی ئەسڵی کورد, کورد چەند پێویستی بەجەنگاوەری جوامێر هەیە بۆ خۆپاراستنی لە ونبوون, ئەوەندەش پێویستی بەخوێندەنەوەی جدی هەیە بۆناساندنی ئەو جەنگاوەرە ڕاستەقینانە, ئاخر ناکرێت باس لە شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە بکەیت و نەزانی ئیرادە چییە ؟ کوردبوون چییە ؟ چەمکی شۆڕش چییە؟ تاکو چیتر عەزیەتی مەلامستەفا نەدرێت باشترێکە منداڵە کلۆڵەکانی حزب لێگەڕێن بۆئەوانەی کە دەتوانن بیناسن.

دواجار دەڵێم ئەم وتارە تەنها هەوڵێکی سەرەتایی بوو بۆ قسەکردن لەچەمکی ئیرادە لەناو کورد بووندا لای مەلامستەفا, گەر تەمەن ڕێگەی داو لەپارتی مان جیاکردوە و توانیمان عەزیەتی نەدەین, هەوڵ ئەدەم بەشێوەیەکی فراوان لەبارەیەوە قسەبکەم.

----------------------

تێبینی(1) ئەم ووتەیە هی فەیلەسوفی گریکی سۆفۆکلیسە بەدەسکاریەکی زۆرەوە کەلەهی ئەو ناچێت, پێشکەشە بەوانەی لەڕۆژنامە حزبیەکەی پارتیدا قسەلەسەر مەلامستەفا دەکەن و نایناسن.